کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-5-2007 10:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# یاخی بوون لەپێچی مێژەرێکا ... هەورامان علی تۆفیق



وورووژانی کاتە یاخی بووەکان لەو ساتە مەرگە ناوەختیە نەویستەدا.. ئەو مەرگەی ئەمڕۆ لەتۆڵە سەندنەوەیی شەرەفێکا شەرەفێکی تر و ئابڕویەکی تر دەتکێنرێ.. دڕندەیی مرۆڤ و بێ ویژدانی و هەست مردوویی و دەست سەوزبوونی بگاتە ئاستێك بیر لەهیچ شتێکی ترنەکاتەوە.. ئابڕویی دایك و خوشك و خێزان و کەس و کاری خۆیی لەبیر کات بۆ ساتێك بەنێو یادەوەریەکانی خۆیدا نەچێتەوە و لەدەرگای منداڵی و لاویەتیدا و ووشە جوان و پێکەنین و خەندەیانەوە کە ئاودێری ساتە وەختەکاتی ئەو ژیانەی دەدات.. بەساتێك دەبێتە مرۆڤێکی مردوویی بێ ویژدانی دڕندە و دوور لەهەموو بەهایەکەوە و دوور لەهەموو ڕاستیەکەوە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوەی ئەم ڕەفتارە بۆ.. ؟ لەپێناوی چی دا.. ؟ تاوان و کوناهی ئەو مرۆڤە لەو ئاستەدایە بەوشێوەیە سزابدرێت.. ؟ کێ بەرپرسی یەکەمە لەڕودانی ئەم شێوە تاوانانە.. ؟ ئەگەر لەو تاوانبارانە بپرسین و بڵێن گریمان دوعا خوشکی ئێوە بوایە بەو شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرایە ئێوە هەڵوێستان چی دەبوو.. ؟ یا بەخۆتان چیتان دەکرد و هەڵوێستان چی دەبوو.. ؟

ئەی ئەگەر بپرسین کۆمەڵگا و تاك و داب و نەریت و ئاین و نەخوێندەواری و کوێرەوەری وبرسیەتی ونەبوونی دادپەوەری و بێ ئاگایی لەژیان و گوزەرانی دونیا و کەم تەرخەمی دەسەڵات و نەبوونی پلان و بەرنامەیی درێژخایەن بۆ بەڕێوەبردنی سیستەمی ژیان و گوزەرانی خەڵك یا لاوازی پەروەردەوە و نەبوونی ڕۆشنبیری و کەم زانستی یا یاخی بوون لەژیان و بێ ئومێدی و مەرگەسات و واوەیلاو ئاوارەیی و بێ کەسی.. وامان لێدەکەن هەمیشە ژیانمان لەهەڵەوە بۆ هەڵە هەنگاو بنێ و هیچ کات هەست بەخۆشی ئەم ژیانە نەکەین و ئەو پێکەنین و بەناو خۆشیەیی وانیشانی دەدەین کورتە فلمێکی بێ سیناریۆیەو ئەمڕۆ نەبێ سبەیی کۆتایی دێ و ڕاستیەکانمان بەدیار دەکەون چۆن لەکوشتنی دوعا و سەدانی تری وەك دوعادا بەدیار دەکەون و هێشتا لێیان بێ ئاگاین..

بەڵام کاتێك ویژدان لەسەرەمەرگی دابێت و هەندێ جاریش لەناخی ئەو بەناو مرۆڤەدا لەئەزەلەوە بنەمایی نەبەستبێت ئەوە مەحاڵە بتوانین ویژدان بڕوێنین و مرۆڤایەتی دروست بکەین. مەرگێك زۆر لەڕاگەیاندنەکانی دونیا باسیان لێوەکردبێت و نارەزایی و دڵگرانی خۆیان نیشان دابێت.. مەرگێك ئەو هەموو دەنگ و هاوارەیی یەك خستبێ و ئەو بیرو فکرە جیاوازانەی لەیەك چوار چێوەدا کۆکردبێتەوە.. دەبێ چۆن مەرگێك بێت، بێ گومان مەرگێکی ئاسایی نەبوو.. ویژدانی دەهەژاند و دڕندەیی نیشان دەداو هەستی مردوو بێ بەزەیی ئەوانەی بەدیاردەخست وبووە ئاوێنەیەك بۆ ڕەنگدانەوەی داب و نەریت و کلتوری ئەو کۆمەڵگایە.. بۆیە بۆچوون و ڕەفتارو زانست و زانیاری و پەروەردەو پاشەڕۆ دەبێ لەکوێوە بی بینین.. ؟

بێ گومان ئەوە یەکەم کارەساتی ژن کوشتن نیە و ئەوەش دواینیان نابێت، چونکە کە سایەتێك تا ئەمڕۆ نەزانێت ڕێچکەی ژیان و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکەی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەهەڵەو لادان و دوور لەڕاستی بەڕێوەبەرێت بێ گومان لەو شێوە کارەسات و مەرگانە کەم نابێتەوە و بەردەوامیش دەبێت..

کاتێك ڕوداوێکی لەم شێوەیە دەبێتە وورووژێنەرێکی بەهێزیی مرۆڤایەتی و نیشان دانی گەورەترین دڕندایەتی دەبێ دەسەڵات و بەرپرسان ئەوانەی بەدوایی خۆشگوزەرانی و بەدوایی دادپەروەریدا دەگەڕێن و ئەوانەی لەدەرگای مەدەنیەت و مۆدێرنیەت و دیموکراتیەت و یاسا ومرۆڤایەتیەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕووبەڕووی جەماوەر گفتوگۆدەکەنچی بلچێن و چی بکەن.. ؟ دەبێ لێرەدا هەڵوەستەیەك بکەن و لە خۆیان بپرسن ئەمە چی بوو.. ؟ بۆ.. ؟ لەبەرچی.. ؟ و چۆن.. ؟ و چی بکەین.. ؟ هۆکارو پێشهاتەکاتی و کاریگەری بۆ سەر ئایندەیی کۆمەڵگا.. لێکۆڵینەوە لەناوڕۆك و ڕاستی ئەم شێوە ڕووداوانە و چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵیان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست.. تاوانباران بەڕوونی و بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەبەرچاوی ڕای گشتی و جەماوەرەوە سزابدرێن و ئەمەش بەدەردی مەسەلەکەی شێخ زانا نەبرێت.. خۆئەگەر زیاتر لە ناخی بابەتەکە ووردبینەوە هەموو کێشەکان تێکەڵ بەیەك دەبنەوە و دەچنەوە یەك سەرچاوە..

بەعیبرەت وەرگرتنی ئەوانە لە بازنەی ئەم شێوە بیرو فکرانەدا دەسوڕێنەوە.. دواتر کۆمەڵگای مەدەنی و بەهاوکاری دەسەڵات و یاسا و ڕێگا چارەیەك بۆ خۆدەربازکردن لەم نەخۆشیە کوشندە کۆمەڵایەتیە بدۆزنەوەو خۆتیمارکردن و دۆزینەوەی سەرچاوەیی ئەم وەبایەو دورخستنەوەی لەمەرامی سیاسی و قۆستنەوەی بۆ بەرژەوەندیە تایبەتیەکان و کردنی بەمەسەلەیەکی سیاسی بۆ پۆشینی کەم تەرخەمی و خەمساردی و لاموبالاتی و گرنگی نەدانە بە بنەما بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگا..

ئەمڕۆ مەرگی دوعا دوایی بێ دەنگی و خۆکپ کردنەوەو دوایی بەرزبوونەوەیی دەنگی جەماوەرو کەسایەتی ڕۆشنبیر خەریکە مەسەلەکە بەلایەکی دیدا دەبرێت.. لەلایەك بەو ناوەوەی کە گوایە دژ بەیەزیدی و خستنەوەیی دووبەرەکی لەنێوو کوردان و ئاژاوەنانەوە و لەلایەکی ترەوە دژایەتی یەزیدی و ئیسلام و نانەوەیی شەڕی تایفەگەری و چەند بۆچونێکی تر لەم بارەیەوە.. بەڵام لەڕاستی داو لەوەی ئەم گرفتەی لێوە سەرچاوەیی گرتبێ دوورە لەم بۆ چوونانەوە. ڕاستە ڕەنگە ئێستا هەوڵی ئەوە هەبن بەو لایەنانەدا ببیەن و ڕاستی مەسەلەکە بگۆڕن..

لەلایەکی دی تاچەند ئەو کۆمەڵگایە مۆدێرن و پێشکەوتوو بێت و لەسەربنەما مرۆڤایەتیەکان دامەزرابێت بێ گومان بێ بەش نابێت لە کەسایەتی نەخۆش و تینو بەخوێنی کۆمەڵگاو بکوژانی هەستە مرۆییەکان. لەم وولاتانەدا جۆرها ڕووداو دەبیستین لەکوشتنی ژنان و سوکایەتی پێ کردنیان و دەست درێژی سکسی کردنە سەریان و فڕاندنیان و شاردنەوەیان و جۆرەها ڕووداوی دی، بەڵام ئەوە نەبووەتە بیرو فکرو نەریتی ئەو کۆمەڵگایەو تێکەڵ بەکلتوریان نەبووە.. بۆیە ئەوانە کەسانی نەخۆشن و چەندین لایەنی دەرونی پاڵیان پێوە دەنێ ئەم شێوە کارانە ئەنجام بدەن و یاسا و دادگا بەشێوەیەکی زانیشتیانەو دادپەروەریانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و سزاشیان دەدات و دواتر هۆکارو دەرەنجامەکانی هەڵدەسەنگێندرێن و هەوڵی چارەسەکردنیان دەدرێت.. بەڵام لای ئێمە کامە دەزگای تایبەت بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتیەکان و گرفتەکانی نێو کۆمەڵگا بوونی هەیە.. بۆیە گرنگە چەند بەدوا چونی کۆمەڵایەتی و دەروونی و سایکۆلۆژی بەردەوام لەم بارەیەوە هەبێت و لەڕێگای پەروەردەو فێرکردنەوە هانگاوی بۆ بنرێت و ڕەنگدانەوەی تایبەتی خۆیی هەبێت.. تا کۆمەڵگایەك لەسەربنەمایی ڕاستگۆیی و دەروون پاکی و گەش بینی و خۆشەویستی زمان و نەتەوەو دلسۆز بەکۆمەڵگاکەی تابتوانین بەشێوەیەکی جوان و ڕاست و دروست هەموو شتەکان ببینین..

لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە داچڵەکین و بەخەبەر هێنانەوەی ویژدانی هەریەکێك لەئێمە لەشێوە مەرگی دوعای جوانەمەرگی کیژۆڵەدا بێت و ئالێرەوە بیرێك لەخوشك و دایك و خێزان و کەس و کارمان بکەینەوە، ، بیرێك لەژیان و خۆش بەختی منداڵەکانمان بکەینەوە و کەمێك بری تەسك و داخراووی قفڵ بووی ئەو زەمەنە تاریکانەمان بکەینەوە.. ئەو کاتیش یاخی بوونی بۆ چوونەکانمان و بیرکردنەوەمان لەپێچی مێزەرێکا بکەینەوەو ئەو دونیا و ژیانە پڕ لەهەست و سۆزی نەتەوەییەوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بخەینە دەستی هەر تاكێكەوە تابتوانین هەموو پێكەوە بێ جیاوازی و بێ ترس و دڵەڕاوكێ بژین و چی دی كیژانی وەك دوعا جوانەمەرگ نەكرێنەوە...

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.